چیرۆک



فەیسەڵ هەمەوەندی

# کۆنسێرتی دەف ژەنەکان

دەفەکەم دا بە ئەرزاو هەلا هەلام کرد. دەمویست ئەو دەنگانە کوێرکەمەوە کە شەویان لێ هەراسان دەکردم. رەنگە بە قەستی شکانیش نەمویستبێ بیشکێنم، ئیدی کە هات بەدەستما، چی لێ بکەم، وای لێ هات. ئەم هەڵانە لای مرۆڤ زۆر جار دووبارە دەبنەوە، هەیە لەدەستی دەردەچێت و مرۆڤێک دەکوژێ، هەیە ئاگر لە ماڵێک بەردەدات، هەشە کچێک ئەتک دەکات، هەشە بە ژنی هاورێکەی فێر دەبێت و. . .

شکاندم و بڕایەوە. دەفەکە دەفی بابامە. بابام. . بە سەرو سیما لە هونەرمەندێکی بیانی دەچێ، بە سەرو سەکوتیش لە دەروێشێکی ریش چەرمووی پرچ درێژی لای خۆمان دەکا. ئەو نە دەروێش و نە موریدی هیچ شێخێک نەبووە، بەدەم دەف لێدانەوە لە دەروێشانیش زیاتر حاڵی لێ دەهات.



ئەو منی نەبینیبوو، کە دەفەکەم شکاند، رەنگە مەزەنەی منیشی کردبێ، وەلێ راستەوخۆ هیچی لا نەدرکاندووم، ئەو گووتبوی :

«ئەوەی دەفەکەی شکاندووم. . هەقی خۆی بووە، رەنگە بە دەفەکەی من قلّس بووبێ».

مالّی ئێمە وەک بنکەیەکی هونەری لێ هاتبوو، رۆژ نەبوو گەنجەکان سەردانی بابام نەکەن، لەمەڕ فێربوونی لێدانی دەفەوە. بابام بەهرەیەکی گەورەی لە دەف لێدان تیایە، وەک لە ناو خەلّکیدا باوە دەلّێن دەفی دەهێنایە قسە.

من بەوە قـــلّس دەبووم، شـــەوان دەنگی دەف لام دەبوو بە هاواری ژن و منالّ، هاواری ئەوانەی رووحیان لەبەر دادەمالّرا، هەستم دەکرد نەدەبوو دەفەکە بشکێنم، بەلاّم نەش دەبوو نەیشکێنم. هاورێکانم ناراستەوخۆ سیخوڕی باوکمیان دەدایەوە گوێم. باباشم رووحی ئەو ژن و مندالآنەی ئامادە دەکرد، کە باوکم دەستـێکی هەبووە لەو تاوانانە. شەوان لە بن بەتانیەکەوە گوێم لە زەلّە زەلّ و هات و هاوارو پاڕانەوە دەبوو، گوێم لە راکە راک و قرمەی دەف بوو، بەســەر دەست و پێـــدا دەکـەوتن، بابام نەنووســتـبــوو، چاوی بە دەفـە بەدارەوەبووەکەوە بوو، باوکم لەژوورەکەی خۆی بە پالّ دایکمەوە یا نووستبوو یا دەیویست بنوێ، هاورێکانم لە ژوور سەرمەوە رووت رووت راوەستابوون و دەفیان لێدەدا، ژوورەکەم پڕببوو لە ئەستێرەی کوژراو. .

جارێک مامۆستا لێی پرسیم: دوا رۆژ حەز دەکەی ببی بەچی؟

هەر بۆ فیز وتم: دەف ژەن

لەو رۆژەوە ئەو نازناوە دابڕاوەتە سەرما. ناچاربووم فێری دەف لێدان بم، تا ئەو نازناوە نەدۆڕێنم کە بەهرەیەکی دیارە لەناو جەماوەر، تا هەندێ لە پلاری هاورێکانیشم کالّ کاتەوە. ئەمە ئەوە ناگەێنێ دەفەکە نەشکێنم.

بابام لە هیچ حوجرە و قوتابخانەیەک دەف لێدانی نەخوێندووە، کەچی بە قەد ئەحەی کۆترە مل قسەی لە مەڕ هونەرەوە دەزانی، بابام دەیگووت:

بە قسەی بابام بێ، دەف جۆری زۆرە، دەفی پێستەی کاوڕ. . کە یەک سالّەی لە دووسالّە جیاوازترە لە لێدان، پێستەی رێوی تەلّەوازانە دێتە لێدان و هی ئاسکیش وەک هەنسکێکی خنکاو. بەو دەنگانە دەچوومـــەوە لای زەلّە زەلّ و هات و هاواری ئەوانەی شـــەوان دەهاتنە ژوورەکەی من و بابام. . کە خوێنی خۆیان دەساوییە دەفەکەو ناخی خۆیان لەسەر پێستەی دەفەکە خالّی دەکردەوە

بیرمە سالّێ. . بەشداریم لە کۆنسێرتێک کرد. . کە تایبەت بوو بە بۆنەی ئەو قەدەرە

شـوومـەی بەهاری رەش کـردین، جـوانیـەکـانی سـرووشـتی ژاکـاند، ئەو نـەهامـەتیـیـە خـورافـاتەکانی بەسـەردا هێنایـنەوە. تا حـاڵگرتن پەنجـەکـانمان وەک سـمی ئاسکی هەڵاتوو، بەسـەر پێسـتـەی دەفەکـانمانەوە چوون گێڕانەوەی مـەتـەڵەکانی وەرینی چۆلەکەکان لە وەرزی رەشدا ئاوادەبوون، ئێمە دەتواینەوە، ئامادەبووان قڕو قپ گوێیان بۆ دەفەکان شل کردبوو، تا گڕگرتن لێمـاندان ئەوانیش بەردەبوونـەوە. دەفەکـان شـێوەی مـرۆڤـەکـانیـان وەردەگرت، وەک بارانی ئەستێرە دەهاتنە خوارو لەسەر زەمیەی هەڵبزڕکاو بڵاچەیان دەداو دەکوژانەوە، بابام لەودیوی بڵاچەکانەوە مەتەڵەکانی دەگێڕایەوە:

« ئەمـە پێسـتـەی کچێکە بەر لەوەی ژووانێک دابەسـتێ،پێستیان لەبەر دامـاڵی. ئەمـەشـیـان پێستەی ناو پێستەیە بۆ ئەژدیهاکانی زووحاک کرا بە دیاری. ئەمیتریان. . . ئەویتریان. . .»،

زیکرو تەهـلیلە ئەو شـەوە لە تەک زەرک و شـمـشـێـر گـەیشـتـبـووە حـاڵێک سـەمـای بە بەر مـەمـکانەوە دەکرد. لەودیـوی جیـهـانێکی خـەفـەکراو بـەدیوێکی تری کـارەسـاتەکە، لـەوێ کـە پاڵەوانەکـان گـوێیان بۆ دەنگی دەفەکان رادێرابوو، سـەحرایـەکی کپ نوشتـابووەوە لای داڵغـە قووڵەکانی ئەودیوی میحراب و سەرزەنشتیەکانی کۆ دەکردەوە، بێئـومێدی سـەری هـەموویانی نابووە لای یەک و بیریانی دەخستەوە بێجگە لە پیاچوونەوەی رابردوو هیچیان بۆ نەماوەتەوە. هـەر یەکەو بە ناونیشانێک گەڕابووەوە لای ئەو رۆژانەی بەناخۆشیەکانیشیەوە جوان بوون.

پیاوێکی رەشتاڵەی ئەمووستەچاو لە ژوور سـەریانەوە راوەستا و چاوێکی پیایاندا گێڕا بێ ئەوەی هیچ بڵـێ یەکێکی دایە دوای خـۆی و وەک گورگێ بردی. من دەزانم چی دەفـەکـەی پێ شکاندم، دواتر زۆر گریام، بێسوود بوو، تازە شکاو هەڵا هەڵا بوو.

لەیەکـڕا دەفـەکـانمان بە یەک ریتم و یەک بەرزبوونـەوە لێـدا، ئامـادەبووان قـرچـەی دڵیـان دەهات، بە هێوری دەنگی دەفەکانمان نزم کردەوە، تـا لە یەکڕا دەنگ لە هۆڵەکە نەمـا. ئێمـە چاوەڕانی هـیچ قـسـەیەک نەبووین لە ئامـادەبووانەوە، ئەوانـیش لە حـەپەسـاویدا بوو یا هـەر شـتێکی تر، وەڵامـێکیـان نەبوو، تا یەکێک پەردەی ئەو بێدەنگییـەی بە چەپڵـە هەڵدڕی، ئێدی ئامادەبووان دوا بە دوای یەک گوڕەپانەکەیان بە چەپڵە لێدان قاوکرد.

ئێـمـە نووشـتـاینەوە بۆ رێزی ئامـادەبووان، لەبەر پێـشـمـانەوە ژن و منـاڵ و پیـر خـوێنی پەنجـەکانی ئێمـەیان لەسـەر شـانۆکە وەردەدا. من هـەمـوو ئەو کـارەسـاتانەم دی، کـە بەسـەر دەفەکەی بابامدا هەموو شەوێ دادەهاتن.

ئەو زاتەی سـەرنجی راکێشـام و لە ریزی پێشەوەی ئامادەبوواندا دانیشـتـبوو، بە هـەمـوو دڵێکەوە چەپڵـەی لێـدەدا، دواتر منی خـسـتــە سـەر ئەوەی دەفـەکـە بشـکێنم. . باوکم بوو.